ــ لە دزیشا یەکەمە ! ــ شێروان بێ دڵ

گەر هەموو خەڵک بتپەرستن
تۆ وەک سەگی
لەپێش چاووم
ئەی هونەرمەندی شیعر دز
بە تۆ نازڕێت من ناووم
تۆ هەر جارێک
بەهەزار جۆر خۆت ئەفرۆشی
هێشتا ئەتۆ ناڕازیت و
لەهەڵەی من
چاوو ناپۆشیت !!
هەڵەی من تەنها ئەوەبوو
کەدزیاکانی
تۆم درکاند
بەڵێ ئەتۆ زۆر زیرەکی و
سەرکردە دزەکانیشت
هەڵخەڵەتاند
تۆ کەهاتی شیعرت دزی
ئەی سەگی پیس
کلکت وەشاند
گەر هەموو کەس بتپەرستن
ببیە خوداش
لەپێش چاووما یەکجار کەمی
من دەزانم تۆ زیرەکی
تۆ لە دزیشا یەکەمی !